# راگەیێنراوی دامەزرانی (( ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ))..



## *Kurdish House in Toronto*



ئاشکرایە ئەمڕۆ ڕەوەندێکی گەورەی کوردی لە دەرەوەی وڵات کۆبۆتەوەو نیشتەجێە کەلە شوێنکاتی جیاوازو لەبەرهۆکاری جیاوازەوە کوردستانیان بە جێ هێشتووەوپەڕاگەندەی وڵاتانی دنیا بوون، بەشێکی دیاری ئەم ڕەوەندە کوردییەش لەباکووری ئەمریکاو بەتایبەتیش لە کەنەدا دەژین؛وەلێ بەهۆی نەبوونی کۆمەڵەو مەڵبەندێکی رۆشنبیریی وکەلتووری کارا ، کوردەکانی کەنەدا پەرش وبڵاون وهیچ رۆڵ وکاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە، هەربۆیەش ئێمە بوونی مەڵبەندو سەنتەرێکی ئاوامان بە پێویست زانی، ئەوەبوو دوای زنجیرەیەك دانیشتن وگفتوگۆوراگۆڕینەوە ((ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ)) هاتە دامەزراندن.

((ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ)) بە هەوڵ وپشتیوانی ئێوە ،کۆمەڵێك خواست وئامانجی هەیەو لە پێناویاندا تێدەکۆشێت :

1- پشتیوانیکردن لە خەبات وتێکۆشانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکانی و دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی .

2- بایەخدان بە کەلتوورو زمانی کوردی وکردنەوەی خوێندنگەی فێربوونی زمانی کوردی بۆ زارۆك و منداڵانی کورد.

3- تەرخانکردنی ماوەی تایبەت بە پرۆگرامی کوردی لە رادیۆو تەلەڤزیۆنەکانی کەنەدا کە تایبەتن بە بڵاوکردنەوە پرۆگرام بە زمانی جیاوازەوە.

4- بڵاوکردنەوەی کەلتووری ئاشتیخوازی ودژایەتیکردنی توندوتیژی بە هەموو شێوەیەك،

5- داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانی کوردستان ودژایەتیکردنی توندوتیژی بەرامبەر ژنان ومنداڵانی کورد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

6- ئاگادارکردنەوەی ماسمیدیاودەستگا راگەیاندنەکانی کەنەدا ورێکخراوەکانی مافی مرۆڤ له رووداوو پێشهاتەکانی کوردستان.

7- پەیوەندی بەستن دەگەڵ رێکخراوو کۆمەڵەی نەتەوە جیاوازەکانی کەنەداو ئاشناکردنیان بە دۆزی کورد.

8- ماڵی کورد له تۆرۆنتۆ رێکخراوێکی کوردستانییەو باوەشی بۆ هەمووکوردان بەبێ جیاوازی ئاوەڵایە وبە توندیش دژی هەر رەفتارو بیروبۆچوونێکە کە دووبەرەکی وناکۆکی بخاتە نێو کوردانەوە.

9- ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ پێشوازی لە هەموو دۆستانی کورد لە نەتەوە جیاوازەکانی دنیا دەکاو رێز لە هاوسۆزی وپشتیوانییەکەشیان دەگرێت.

بێگومان هێنانەدی ئەو ئامانجانە پێویستی بە هاوکاری وپشتیوانی کوردان هەیە، لێرەوە داوای هاریکاری وپشتیوانی لە هەمووان و بەتایبەتیش کوردانی نیشتەجیی کەنەداو شاری تۆرۆنتۆ دەکەین، هیوادارین لە پێناو وەدیهێنانیاندا بەپیر ئەم ماڵەوە بێن وپشتیوانی لێبکەن.

**دەستەی دامەزرێنەری**

**ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ**

**1 نۆڤێمبەری 2005**

- بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەو ئیمەیلەوە بکەن

**kurdishhouse@hotmail.com**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com